# ((چەند رونكردنەوەیەك لە یەكێتی قوتابیانی كوردستان))

بەرجەستەكردنی لایەنی مادیەكانی ژیانی قوتابیان و مافە ئەكادیمییەكانیان بە داخوازیەكی ڕەوا و مافێكی سەرتایی دەزانین.

باوەڕبوونیشمان بە ئازادی بیرو كردار نكۆڵی لێ ناكرێت و هەڵوێستە نەتەوەیی و پیشەیی و زانستییەكانمان لەكاری رێكخراوەیی گەواهێ دەری ئەم ڕاستیەن.

ئەوەی سورتریشمان دەكات لەسەر ئەم ڕوت و رێڕەوە متمانەی قوتابیانی كوردستان كە لە پێنج ساڵی یەك بەدوایەكی هەڵبژاردن شانازی گەورەی نوێنەرایەتیان بە یەكێتیەكەمان بەخشی.

بۆیەشە جێگای خۆیەتی لە دیدی یەكێتی قوتابیانی كوردستان كە نوێنەری شەرعی و هەلبژێردراوی قوتابیانە چەند ڕاستییەك كە هەوڵی شێوەندنیان دراوە رون بكەوینەوە:

١- ئێمە لە (ی. ق. ك) ساڵانە بۆ چارەسەری كێشە بەردەوامەكانی زانكۆكان و ناوەندەكانی تری خوێندن پرۆژەمان هەبوە و بە شێوەیەكی گشتگیر و هەمەلایەنە ڕوبەڕوی كێشەكانیش بووینتەوە. بەتایبەتی لە سەرەتای ئەمساڵی خوێندن چەندین لایەنی كەتا ئەمڕۆ هەڵوەستەیەكی ئەو تۆیان لەسەر نەكرابوو ئێمە لە رێگای ( سەنتەری رۆشنبیری و هونەری ئالا) و رۆژنامەی (روانین) و (تابلۆی ئازاد) كردمان بەتەوەرەو ماوەی هەموو ئازادیەكیش تیایاندا بەرجەستە كراوە. ئەمە وێڕای پێشرەوی كردن لە كۆمەڵێك خۆپیشاندنای هێمنانە. .

لەم ڕونگەیەشەوە هەموو شێوازێكی یاسایی بۆ داكۆكی كردنی لەمافەكانی قوتابیان و داواكانیان بەرەوا دەزانین و هەوڵەكانیشمان ئاوێتەی خواستەكانیان دەكەین.

٢- ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/٢٨ كۆمەڵێك قوتابی كۆلیژی یاساو ڕامیاری بەهاوبەشی لەگەڵ قوتابیانی كۆلیژەكانی ترو ژمارەیەكیش لە ئەندامانی (ی. ق. ك) رێپێوانێكیان بۆ بەردەم سەرۆكایەتی زانكۆی سەلاحەددین سازدا و چەند داخوازیەكیان پێشكەش كرد.

٣- ماوەی تەنها سێ رۆژ دیاری كرا بۆ جێبەجێ كردنی یادداشتەكەیان كە (گۆڕینی ئیدارەی زانكۆو سیستەمی زانكۆ) ش یەكێك بوون لەداواكان.

ئێمە بەرێزەوە رونیمانە خۆپیشاندان و. بچووكترین بەربەستیش نەخرایە رێگای قوتابیان.

بەڵام جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بكەین كە خۆپیشاندان دەبێت بە شێوەیەكی یاسایی رێكبخرێت و لەلایەن برایانی پۆلیسیش گیانی خۆپیشاندەران بپارێزرێت، وە دیاری كردنی ماوەی سێ رۆژیش بۆ گۆرینی ئیدارەی زانكۆ و سیتەم پرسیارێكە و لەلایەن خودی قوتابیانی خۆپیشاندەریش وەڵامەكەی دەست ناكەوێت.

ئەمە سەرەڕای بەلاوەنانی ڕۆڵی لیژنەی نوێنەرایەتی كە بە هیچ شێوەیەك پرس وئاگاداریشی پێ نەكرا.

لەكاتێكدا بەمافێكی ڕەوای لیژنەی نوێنەرایەتی دەزانین كە هەم ئاهەنگ و پیشەنگی هەر كارێكی لەم بابەتا نەبێت.

٣- بەپێی ئەو بانگهێشت و بانەگەوازانەی بڵاوكرانەوە بریاربوو سەرلەبەیانی رۆژی٢٠٠٢/١٢/٣١ خۆپیشاندانێك لە بەردەم كۆلیژی ئەندازیاری دەستپێ بكات، جارێكی تریش رۆڵی لێژنەی نوێنەرایتی فەرامۆش كرا و رێز لە ئیرادەی قوتابیان نەگیرا و بانگێهشت و خۆئامادەكردن لە دەرەوەی بازنەی لێژنەی نوێنەرایەتی كاری بۆ كرا.

ئەمە لە كاتێكدا كە شەوی پێش ١٢/٣١ تەلەفزیۆنی (سەحەری) ئێرانی و (cnn) ی توركی ئاماژەیان بەوە دابوو كەبەیانی خۆپیشاندانێك لە دژی حكومەتی كوردستان لە زانكۆی سەلاحەددین ئەنجام دەدرێت.

زانیاری واش به ئاسایشی هەولێر گەیشتوە کە لەوانیە لە زانکۆ بەتایبەتیش لە کۆلیژی ئەندزیاری تەقینەوەیەك ئەنجام بدرێت ئەمە وێڕای ئامادەکردنی فتیلە و نەوت لەلایەن چەند کەسێك بۆ سوتاندنی زانکۆ.

سەرەڕای ئەوەش سەرەلەبەیانی رۆژی ١٢/٣١ لە چەندین لاوە تەلەفۆن بۆ دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش کراوە و پێیان گوتون لە زانکۆ هەرایەکی گەورە بەرێوەیە. وێرای ئەمەش چەند کەسێکی ناسراو بە قوتابیانی کۆلیژی پزیشکیان گوتووە براکانتان لە کۆلیژەکانی تر ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و ئێوەش هیمەت بکە و وەرنەدەر.

وەچەند پروپاگەندەیەکیش بلاو کرایەوە کە (ی. ق. ك) کوردستان لەگەڵ خۆپیشاندانە و ئامادەکاری بۆ دەکات.

بێگومان هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی هەموو ئەم حاڵەتانە تەنها ئەوەمان بۆ دەردەکات کە ئەمە دەستێکی تێکدەری لە پشتەوە بووە و یستوویانە ڕەوشەکە بقۆزنەوە بەتایبەتی لەبارودۆخێکدا کەبڕیارە کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لەشاری هەولێر سازبدرێت.

هەر بۆیە ئێمە بۆ پاراستنی گیانی قوتابیان خۆشەویستی خۆپیشاندەر کە خۆمان بە نوێنەریان دەزانین و بۆ داکۆکی کردنی لە ئارامی زانکۆ هەوڵەکانمان لەم چوارچێوەیە خستەگەڕ و بە هێمنانە داخیلی رەوشەکەبووین.

٤- لەکاتێکدا کە خۆپیشاندان و داکۆکی کردنی مافەکان و سووربوون لەسەریان بەرەوا دەزانین و بەچاوی ڕێزو گەورەیشەوە ئەڕوانینە داخوزایەکانیان.

لەهەمان کاتیشدا خۆمان بە بەشێکی جیانەکراوە لە هەموو قوتابیانی کوردستان دەزانین و هەر قوتابیەکیش کە لەم رۆژەدا دڵی رەنجاوەو رووبەڕووی بچووك ترین گرفت بوونەتەوە ئێمە داوای لێ بوردنیان لێ دەکەین و یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەماڵی ڕاستەقیەیان دادەنێن پێشمان وایە هەموو گرفتەکان لە ڕێگای گفتوگۆ و یەکتر قبوڵ کردن بە ئامانج دەگەن.

هەروەك ئەوەی رۆژی ٢٠٠٣/١/٧ بە ئامادەبوونی سکرتێری یەکێتیەکەمان و سەرجەم ئەو قوتابیانەی ئامادەکاری خۆپیشاندان بوون دەرەنجامێکی باش گەلاڵەکراو ڕاستیەکانیش بە هێمنی رونکرانەوە هەر بۆیە بەشە یەکخستنی پەیامی قوتابیان بەجیاوازی بیر و ئایدیا خزمەتێکی گەورە بەرەوشی خوێندن و زانکۆکانمان دەکات و دەرنجامەکانیش پڕ بەخشش تر دێتە بەر.

## ((رونکردنەوەیەك لە لیژنەی ئامادەکاری خۆپیشاندانی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین))

وەك هەموو لایەك ئاگادارن، بەرەبەیانی رۆژی ٢٠٠٢/١٢/٣١ ئێمەی کۆمەڵێك لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین، بەنیازبووین هەڵسین بە ئەنجامدانی رێپێوانێکی هێمنانە بۆ بەردەم سەرۆکایەتی زانکۆ بەمەبەستی خستنەروو گوزارشت لە بەدیهێنانی خواست و داواکاریەکانمان کە پێمانوایە بەجێبەجێکردنیان زانکۆکەمان هەنگاوی گەورە دەهاوێژێ بەرەو ئاستی زانکۆیەکی ئەکادیمی و مەعریفی، دەشێ ئەو کاتە زانکۆی سەلاحەدین ببێتە ئەو ناوەندەی کە سەرجەم تیشکە جوانەکانی لێوە دەرچێ و گۆڕانێکی ریشەیی و قوڵ بخوڵقێنێت، لە کۆی بونیاد و ستراکتۆری کۆمەڵایەتی ئێمە، بەڵام بەداخو ئەسەفێکی زۆرەوە ڕێگری و ئاستەنگێکی زۆر خرایە بەردەم ڕێپێوانەکە تا ئاستی لێدان وگرتن. سەرەنجام ئەوەبوو ڕێپێوانەکە ڕێگەی پێ نەدرا.

بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی ئامادەکاری خۆپیشاندان بە پێویستی ئەزانین ئەوە روون بکەینەوە کە:

سەرجەم ئەو دەستە ناشیرین و لایەنە هەڵپەرستانە ئیدانە و مەحکوم دەکەین کە بەنیازبوون ئەم ڕێپێوانە بقۆزنەوە بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان، بۆ نموونە لە شێوەی بەدرۆ بلاوکردنەوەی هەواڵ و شێواندنی راستیەکان لەلایەن کەناڵی

**ئاسمانی سەحەرو (CNN TURK) ... هتد وە دەبوایە ڕێوشوێنی یاسایی بگرینەبەرو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەدەبوو بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندەران بکرایە.**

**ئێمە وەکو لیژنەی ئامادەکاری ڕێپێوان بەردەوام دەبین لەسەر کێشەو گرفتەکانی ناو زانکۆبەتایبەتی و کۆمەڵگا بەگشتی. لە هەمانکاتدا ئەو یادداشت و داواکاریانەی کە تایبەتن بە سەرۆکایەتی زانکۆ لە ڕێگەی لیژنەی نوێنەرایەتی زانکۆ، دەگەیەنرێتە سەرۆکایەتی زانکۆ.**

**لیژنەی ئامادەکاری خۆپیشاندانی قوتابیانی**

**زانکۆی سەلاحەددین**

**٢٠٠٣/١/١٤**

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چوونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت